DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.355

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی قەیراندا - دامەزراوە ناحوکومییەکان وەك نموونە

(توێژینەوەیەکی وەسفی رووپێوییە)

ڕێبین فلاح احمد

moc.liamg@84halafniber

پ.ی.د. لانە صابر محمد سعيد

qi.ude.iusvinu@demmahom.anaL

بەشی راگەیاندن-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی

## پوختە:

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی رۆڵ و گرنگترین چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی قەیران لە دامەزراوە ناحوکومییەکاندا و، دەستنیشانکردنی گرفتەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی قەیران. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی - رووپێوییە، توێژەر بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی ی ورد و پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە میتۆدی رووپێویی بەکارهێناوە، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کارمەندان و مامۆستایانی (پەیمانگەی هەولێری ناحوکومیی)، کە لە چل (٤٠) مامۆستا و فەرمانبەر پێکهاتبوون، بیست و سێ (٢٣) لە سامپڵی توێژینەوەکە مامۆستا بوون و حەڤدە (١٧)یشیان فەرمانبەر و ستاف. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونیی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەریوەبردنی قەیران لە هەر سێ قۆناغیدا (پێش روودان، لە کاتی روودان دا و لە دوای روودان دا) لە دامەزراوە ناحوکومییەکاندا، کە پەیمانگەی هەولێری ناحوکومیی وەک دیراسە حالە وەرگیراوە. لە دەرئەنجامدا دەرکەوت ، کە پەیوەندییە گشتییەکان لە پێش روودانی قەیراندا بەرێژەی (٨٠٪) گرنگییان بە کردنی توێژینەوە و راپرسیی داوە، لە کاتی روودانی قەیراندا پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر بایەخی داوە بە ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و کارمەندانی بەرێژەی (٧٥٪). لە دوای قەیرانیشدا پەیوەندییە گشتییەکان بەرێژەی ەکی بەرز (٧٥٪) بایەخیان داوە بە هەوڵدان بۆ رێگریکردن لە درووستبوونەوەی قەیران. لە ئەنجامی ئەو راپرسییەی کە کراوە، ئەوە روون ئەبێتەوە، کە بەڕێوەبردنی قەیران لە (پەیمانگەی هەولێری ناحوکومیی) لە قۆناغی پێش روودان دا و لە دوای روودان دا، توانراوە بە شێوەیەکی زۆر باش و بە ئاستێکی زۆر بەرز لەلایەن دامەزراوەکە و بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوەکەوە بەڕێوە ببرێت، واتە لە قۆناغی کاتی روودانی قەیراندا، هێواشتر و لاوازتر بەراورد بەو دوو قۆناغەی تر ئەتوانرێت قەیرانەکە بەڕێوە ببرێت.

**وشە کلیلییەکان: پەیمانگای هەولێری ناحوکومیی، پەیوەندییە گشتییەکان، بەڕێوەبردنی قەیران ، دامەزراوە ناحوکومییەکان،**

Recieved: 23/11/2023
Accepted: 1/1/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

پەیوەندییـە گشـتییەکان ڕۆڵـی گرنگیـی لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی و ئابوریـی و سیاسـییدا هەیـە، هـەر دامەزراوەیەکـی ناحوکومیـی، وەك پێداویسـتییەکی سـەردەمی، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی، ئەبێـت لەگـەڵ ژینگـەی ناوخۆیـی و دەرەکییـدا، هەوڵـی خۆگونجانـدن بـات و، لـەم ڕووەیشـەوە گرنگیـی و بایـەخ بـە چالاکییەکانـی لەنـاو ڕێکخراوەکەیـدا بـات، چ لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و چ لەسـەر ئاسـتی دەرەوە. گرنگیـی و ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامـەزراوە ناحوکومییەکانـدا لـە کاتـی بوونـی کێشـە و و مەترسـی و قەیرانـدا زیاتـر دەرئەکەوێـت.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە سـێ بـەش پێـک دێـت، بەشـی یەکـەم بریتییـە لـە لایەنـی میتۆدنامـەی توێژینـەوە، کـە کێشـە و ئامانـج و گرنگیـی و کۆمەڵگـە و سـامپڵ و توێژینەوەکانـی پێشـوو و پێناسـەی چەمـک و زاراوەکان ...هتـد، لەخـۆ گرتـووە، بەشـی دووەم لایەنـی تیۆریـی لەخـۆ ئەگرێـت، کـە بریتییـن لـە (چەمـک و پێناسـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان ، ئـەرک و ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە سـەر ئاسـتی دامـەزراوە ناحوکومییـەکان، گرنگیـی و بایەخـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان، بەڕێوەبردنـی قەیـران، گرنگیـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا لـە بەڕێوەبردنـی قەیرانـدا، دامـەزراوە ناحوکومییـەکان (.

بەشـی سـێیەمی توێژینـەوە، کـە تەرخانکـراوە بـۆ بـواری پراکتیکـی توێژینـەوە، کـە کـە ئامـاژە بـۆ کەرەسـتەکانی و ئامـرازە ئامارییەکانـی توێژینـەوە لەگـەڵ پێـوەری ڕاسـتیی و جێگیریـی فۆرمـی ڕاپرسـیی بـاس کـراون، هەروەهـا شرۆڤـەی شـیکاری خشـتەکانی فۆرمـی ڕاپرسـیی بـە پێـی تەوەرەکانـی فۆرمەکـە شـیکراونەتەوە، کـە بـاس لـە ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە هـەر سـێ قۆناغیـدا (پێـش ڕوودان، لـە کاتـی ڕوودانـدا و لـە دوای ڕوودانـدا) کـراوە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

١- کێشەی توێژینەوە

کێشـەی سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە ناڕوونیـی ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا ، لـەم توێژینەوەیـەدا بـۆ زانینـی ئـەم ڕۆڵـە هەوڵئەدرێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە خـوارەوە باتـەوە:

١- ئایا ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان چین لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا؟

٢- ئایا ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە چ ئاسـتێکدایە بـۆ بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا لـە پێـش ڕوودان دا؟

٣- ئایا ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە چ ئاسـتێکدایە بـۆ بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا لـە کاتـی ڕوودان دا ؟

٤- ئایا ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە چ ئاسـتێکدایە بـۆ بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا لـە دوای قەیـران ؟

٢- بایەخی توێژینەوەکە

ئەم تویژینەوەیە لە دوو لایەندا سوود و بایەخی هەیە:

١- بایەخـی زانسـتیی: لـە پێنـاوی پـەرەدان بـە لایەنـی زانسـتیی و تیۆریـی بـوارە، کـە زیاتـر ئاشـناکردنی توێـژەری کـورد بـە

رۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا.
٢- بایەخـی پراکتیکیـی: لـە پێنـاوی ئاشـناکردن یـان زانیاریـی بپێدانـی زیاتـر بـە خوێنـەران و لایەنـی پەیوەندییـدار لـە دامـەزراوەکان بـە گشـتیی و دامـەزراوە ناحوکومییـەکان بـە تایبەتیـی، لـە گرنگیـی رۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان بـۆ رووبەڕووبوونـەوە و بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە هـەر سێ قۆناغـی (پێـش رووودانـی قەیـران، لـە سـەروەختی رووودانـی قەیـران و پـاش رووودانـی قەیـران)دا.
٣- ئامانجی توێژینەوە
ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەیات لە رێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارکانەوە، ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە بەدی بێنێت:
١- زانینی ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا.
٢- دیاریکردنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە پێش رووودان دا لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا.
٣- دیاریکردنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە کاتی رووودان دا لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا.
٤- دیاریکردنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە دوای رووودان دا لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا.

٤- کۆمەڵگەی توێژینەوە و سامپڵەکەی:
کۆمەڵگـە و سـامپڵی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە کارمەنـدان و مامۆسـتایانی پەیمانگـەی هەولێـری ناحوکومیـی کـە لـە چـل (٤٠) کـەس پێکهاتبـوون، بیسـت و سـێیان (٢٣) مامۆسـتابوون و حەڤـدە (١٧)یشـیان فەرمانبـەر، هەروەهـا لـەو حەڤـدە فەرمانبـەرە، شـەش کەسـیان لـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەنـدام بـوون. کـە لـە رێکەوتـی ( ٢٠٢٣/٨/١ ) تاکـو ( ٢٠٢٣/٩/٢٠ ) لـەو ماوەیـەدا فۆڕمـەکان دابەشـکراون و زانیاریـی یـەکان کۆکراونەتـەوە.
٥- توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم/ توێژینەوەکان بە زمانی کوردیی**

١- ماسـتەرنامەی دانـا سـاڵح محەمـەد ( ٢٠١٨ ) بـە ناونیشـانی (رۆڵـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە بەڕێوەبردنـی تەنگـژە سیاسـییەکاندا)
ماسـتەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیـە لـە بـواری (پەیوەندییـە گشـتییەکان و بەڕێوەبردنـی تەنگـژە)، پێشکەشـی ئەنجوومەنـی کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـی زانکـۆی سـلێمانی کـراوە.
کێشـەی بنەڕەتیـی توێژینـەوە، کـە خـۆی لـە ناڕوونیـی و ئاڵۆزیـی رۆڵـی پەرلەمانـی کوردسـتان وەک شـێوەیەکی پەیوەندیـی گشـتیی و ئەندامەکانـی وەک جەمـاوەری پەیوەندیـی گشـتیی ئەبینێتـەوە. ئامانجـە سـەرەکییەکانی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە ئاشـکراکردنی رۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان و ئـەو دامەزراوانـەی کـە چالاکـی لـە چوارچێـوەی پەیوەندییـە گسـتییەکاندا ئەکـەن لـە مـاوەی سـەرهەڵدانی تەنگـژە سیاسـییەکاندا.
کۆمەڵـە و مشـتەی توێژینـەوە، کـە بریتییـە لـە: فراکسـیۆنەکان و سـەرجەم ئەندامانـی خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان (٢٠١٣ – ٢٠١٨). کـە بـە پێـی ژمـارەی ئەندامانـی پەرلەمانـی کوردسـتان، ١١٠ فـۆڕم لەلایـەن توێـژەرەوە دابەشـکراوە، لـە ئاکامیشـدا ١٠٣ فـۆڕم گەڕێندراوەتـەوە بـۆ توێـژەر.
لـە گرنگتریـن ئـەو دەرئەنجامانـەی توێـژەر پێـی گەیشـتووە بریتییـە لـەوەی، کـە ئەتوانرێـت بـۆ بەڕێوەبردنـی تەنگـژەکان بـە گشـتیی و تەنگـژە سیاسـییەکانیش بـە تایبەتیـی پشـت بـە چالاکییەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان ببەسـترێت، چونکـە

مامەڵەکـردن و بەڕێوەبردنـی تەنگـژەکان ئاسـان ئـەکات هەروەهـا پەیوەندییـە گشـتییەکان ناتوانێـت رۆڵێکـی کاریگـەر لـە بەڕێوەبردنـی تەنگـژە سیاسـییەکان بگێڕێـت

دووەم/ توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبیی

١- توێژینـەوەی سـلطان بـن سـعد محمـد( ٢٠١٨ ) بـە ناونیشـانی (جهـود ادارة العلاقـات العامـة في مواجهـة الأزمـات – دراسـة میدانیة) :

ماسـتەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیـە لـە بـواری (پەیوەندییـە گشـتییەکان و رووبەڕبونـەوی قەیرانـدا ) پێشکەشـی بـە ئەنجوومەنی کۆلێـژی کۆلێجـی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان لـە زانکـۆی نایـف عەرەبیـی بـۆ زانسـتی ئاسـایش کـراوە.

کێشـەی سـەرەکیی و دیـاری توێژینـەوە (ماسـتەرنامە)، کـە بریتییـە لـەوەی: کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان چـی هەوڵێـک ئەیـات یـان تـا چەنـد ئەتوانـن رووبـەرووی قەیرانـەکان ببێتـەوە لـە بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی هاتوچـۆ لـە ریـاز؟

ئامانجـی توێژینـەوە، کـە بریتییـە لـە (چاودێرییکـردن و بەدەسـتهێنانی رەزامەندیـی جەمـاوەری بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی هاتوچـۆی ریـاز، بـە هەوڵەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە رووبەڕووبوونـەوەی قەیرانەکانـدا).

کۆمەڵـگـە و سـامپڵی توێژینەوەکـە بریتییـە لـەوەی، کـە توێـژەر پرسـیارنامەکە (فۆڕمـی راپرسـیی) بەشـێوەی ئەلیکترۆنیـی، بـە بەرنامـەی Monkey، دیزاییـن کـردووە و لـە رێگـەی «وەتـس ئـەپ»ەوە ئاراسـتەی جەمـاوەر کـردووە، هەروەهـا سـامپڵی هەرەمەکیـی لـە جەمـاوەری دەرەکیـی (ئەوانـەی کـە سـەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیـان کـردووە) وەرگرتـووە.

لـە گرنگتریـن ئـەو دەرئەنجامانـەی توێـژەر پێـی گەیشـتوون، بریتیـن لـە (پێویسـتە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی ئیـدارەی گشـتیی هاتوچـۆ هەسـتێت بـە کردنـی هەڵمەتـی هۆشـیاریی زیاتـر بـۆ هاووڵاتییـان، سـەبارەت بـە چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ قەیرانەکانـی هاتوچـۆ لـە کاتـی روودانـی و دوای روودانیانـدا.

سێیەم: توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزیی

١- توێژینەوەی هاوبەشی (Sylvia Jacob Okoi, Dr Patrick Ene Okon) بە ناونیشانی

Public Relations Practice in Crisis Management: A Case Study of Cross River University of Technology( )(Crutech), Calabar

کێشـەی سـەرەکیی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە زانینـی (دۆخـی چالاکییەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی زانکـۆی تەکنەلۆژیـای ویلایەتـی کـرۆس ریڤـەر (Crutech) ، چ سـتراتیژییەکی پەیوەندییـە گشـتییەکان لەلایـەن (Crutech) جێبەجـێ ئەکـرێ، پەیوەندییـە گشـتییەکان تـا چەنـد توانیوێتـی پەیوەندیـی دۆسـتانە بپارێزێـت لـە نێـوان بەڕێوەبەرایەتـی و خوێندکارانـی Crutech)؟)دا و رێگرییکـردن لـە دروسـتبوونی قەیـران.

کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە قوتابیـان و سـتافی زانکـۆی تەکنەلۆژیـای ویلایەتـی کـرۆس ڕیڤـەر، کـە قەبـارەی نموونـەی ئـەم توێژینەوەیـە (٤٠٠) کـەس بـووە لـە کـۆی (١٧،٧٦٦) کـەس لـە خوێنـدکاران و سـتافی (Crutech) وەرگیـراوە.

لـە گرنگتریـن ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە بریتیـن لـەوەی کـە ئـەم توێژینەوەیـە لـە بنەڕەتـدا لێکۆڵینـەوە لـەو رۆڵـە ئـەکات کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بەڕێوەبردنـی قەیرانەکانـدا ئەیگێڕێـت، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە چـۆن ئەتوانرێـت بەهێـز بکرێـت بـۆ جێبەجێکردنـی بەڕێوەبردنـی قەیرانـەکان و سـتراتیژییەکان بەشـێوەیەکی گونجـاو، کـە پەیوەندییـان بـە دامەزراوەکـەوە هەیـە.

توێـژەران لـە دەرئەنجامـی ئـەم توێژینەوەیـەدا بـەوە گەیشـتوون، کـە زانکـۆی تەکنەلۆژیـای ویلایەتـی کـرۆس ڕیڤـەر (CRUTECH) هەمـوو هەوڵێـک ئەیـات، کـە پێویسـتن بـۆ بەڕێوەبردنـی قەیرانـەکان لـە کاتـی روودانیانـدا و، کردنـی

سیمینارات و ووَرک شۆپ لە پێناوی دروستکرنی پەیوەندییەکی بەردەوام لە نێوان خوێندکاران و ستافی کارگێڕیی ، بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی قوتابیان وچارەسەکردنی سەرجەم ئەو گرفت و ئاڵنگارییانەی رووبەرووی ان ئەبێتەوە.

٦- چەمک و زاراوەکان

رۆڵ: مەبەست لە رۆڵ ، بریتییە «لەو رۆڵەی، کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا، پێی هەڵئەستن بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

پەیوەندییە گشتییەکان: پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕیی یە کە لە دامەزراوەکاندا و دامەزراوە ناحوکومییەکان بە تایبەت، گرنگیی بە دروستکرنی پەیوەندییەکی تۆکمە و بەردەوام ئەیەن لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەری دەرەوە و ناوەوەیدا، ئەمەیش وا ئەکات ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر یارمەتییدەر بن بۆ رێگرییکردن لە درووست بوونی کێشە و قەیران یان کەمکردنەوەی گوڕ و کاریگەرییەکانی، چونکە ئەو پەیوەندییە وا ئەکات دامەزراوەکە بەردەوام ئاگاداریی خواست و تێڕوانینی جەماوەرەکانی بێت و پێداویستیی و خواستەکانیان دابین بکات.

بەڕێوەبردنی قەیران: بریتییە لەو چالاکییەی کە لە رێگەی سیتەمێکی زانیاریی ی کاریگەرەوە ئەتوانێ زانیاریی ی و داتای درووست پێشکەش بە بەرپرسانی ناو دامەزراوکە بکات، هەروەها لە کاتی خۆیدا بەشداری ئەکات لە زانینی لاوازییەکان و کێشەکان هەتا رێگر بێت لە درووستبوونی قەیران.

دامەزراوەی ناحوکومیی: لە کۆمەڵە کەسێک پێک دێت، یەکێتیی یەکبوونی ئامانج کۆیان ئەکاتەوە، کە لەوانەیە قازانجکاریی بازرگانانە بێت، یان نا قازانجییانە بێت، یاخود کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، یاخود خۆبەخشانە یان خزمەتگوزارییانە بێت.

**بەشی دووەم: تیۆرنامەی توێژینەوە**

**باسی یەکەم: پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا**

١- چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان بابەخێکی ئێجگار زۆریان لە پێڕەوی کارگێڕیی ی هاوچەرخدا هەیە، رۆڵی زیندووی پەیوەست بە دەرخستنی وێنەی پرشنگداری دامەزراوەکە پشتی پێ دەبەسترێت، هەروەها ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی کۆمەڵگەی ئەکات، بەمەیش ئەڵقەی پەیوەندیکردن و بەردەوامیدان و ئامرازی کارلێکی چالاک لەناو دامەزراوەکە و دەرەوەیدا پێکدەهێنێت.(محەمەد، ٢٠١٩: ١٢٦)، بێگومان لەم رۆژگارەدا کە دونیا لە رووی تەکنەلۆژییەوە، بەرەوپێشچوونی ڕەهای بە خۆوە دیوە، وای کردووە رۆڵ و گرنگیی پەیوەندییە گشتییەکان وەک بە شێکی پڕبایەخ تەماشا بکرێت، چونکە بە کردار پەی بە پێویستیی ئەم بەشە براوە و گرنگیی خۆی لە دامەزراوەکاندا سەلماندووە، بۆیە لەو روانگەیەوە بە پێوستی دەزانین کە بیناسێنین و پیناسەی بکەین.

زاراوە و چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەردوو برگەی گشتیی Public )) و پەیوەندی (relation ) کە دەکاتە پەیوەندییە گشتییەکان، لە نزیک کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ساڵی ١٨٠٢ لە سەردەمی تۆماس جیڤەرسۆن، سێیەم سەرۆکی ئەمریکا سەریهەڵداوە، لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا بووەتە جێی بایەخ و چەندین پێناسەی بۆ کراوە، سەرەرای بڵاوبوونەوەی لە نێوەندی کاردا، بەڵام بەکاردەهێنرا بۆ وەسفکردنی کۆمەڵەیەکی هەمەڕەنگ و بەرفراوان لە چالاکییەکان، کە وایکرد تەمومژی نادیار لەخۆ بگرێت. لە فەرهەنگی کۆلێژی وێبستەردا، پێناسەی

پەیوەندییە گشتییەکان بەمشێوەیە هاتووە کە «کۆمەڵە چالاکییەکە دەستەیەك یان یەکێتییەك و سەندیکایەک، یاخود حکوومەتێک، یان هە ر دامەزراوەیەکی تر لە بوونیادی کۆمەڵایەتییدا ئەنجامی ئەیات، بە مەبەستی درووستکرنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەو جەماوەرە جیاوازانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەکات، وەک جەماوەری بەکاربەران، بەکارهێنەران و بەشداربووان، هەروەها جەماوەر بە گشتیی، بۆ ئەوەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بۆ نەوەی داهاتوو رازیی بکەن".(عەلی، ٢٠١١: ١١)

هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان «فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبردنە و لە رێگەی چەند چالاکییەکەوە گوزارشتی لێ ئەکرێت، بۆ بەدەستهێنانی متمانە و تێگەیشتن لەگەڵ جەماوەردا». (عجوة، ١٩٩٥: ٣٠)

پەیوەندییە گشتییەکان «کۆمەڵێک بوار لەخۆئەگرێت کە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان یەکێکە لەو بوارانە. پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی بەڕێوەبردنی ستراتیژییە، کە رۆڵی ڕاوێژکاریی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە لەسەر ئەو بابەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر هەیە لەئەستۆ ئەگرێت، هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی بەڕێوەبردنە کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە».(Baskin, 1997:5)

لە روانگەی تێڕوانینمان بۆ ئەو پێناسانەی کە باسکران و خرانە ڕوو، ئەگەینە ئەوەی، کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕیی یە کە لە دامەزراوەکاندا و دامەزراوە ناحوکومییەکان بەتایبەت، گرنگیی بە درووستکرنی پەیوەندییەکی تۆکمە و بەردەوام ئەیەن لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەری دەرەوە و ناوەوەیدا، ئەمەیش وا ئەکات ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر یارمەتیی دەربن بۆ رێگرییکردن لە درووست بوونی کێشە و قەیران یان کەمکردنەوەی گوڕ و کاریگەرییەکانی، چونکە ئەو پەیوەندییە وا ئەکات دامەزراوەکە بەردەوام ئاگەداری خواست و تێڕوانینی جەماوەرەکانی بێت و پێداویستیی و خواستەکانیان دابین بکات.

٢- ئەرک و رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ئاستی دامەزراوە ناحوکومییەکان

١- گەیاندنی ڕاوبۆچوون و بیروباوەڕی جەماوەر بە کارگێڕیی باڵای دامەزراوە، کە ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە دامەزراوەکە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا بکات، تاکو ئامانجەکانی جەماوەر و ئامانجەکانی خۆیشی بەدیبهێنێت. (جرادات ، ٢٠٠٩: ٣٥ - ٣٦)

٢- گرتنەبەری شێوازی توێژینەوەی زانستی و کردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە رووبەرووی دامەزراوەکە ئەبێتەوە یان بووەتەوە. (جرادات ، ٢٠٠٩: ٣٥ - ٣٦)

٣- گواستەنەوەی بیروبۆچوونەکان بە رێگەی هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو، بۆ گەیشتن بە جەماوەری دیاری کراو. ( العیوری، ٢٠١٦: ١١٤-١١٥)

٤- بەهێزکردنی پەیوەندیی رێکخراو لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا، هەروەها رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن و هاوکاریی و هەماهەنگیکردن لەگەڵیاندا، لەبواری پەیوەندیی راگەیاندن بە پێدانی هەواڵ و زانیاریی راست و درووست و بانگهێشتکردنیان بۆ کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانی تایبەت بە رێکخراو. ( محەمەد، ٢٠١٣: ٨٦)

باسی دووەم: پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی قەیران لە دامەزراوە ناحوکومییەکان

١- بەڕێوەبردنی قەیران

قەیران کاریگەریی گەورە ئەکاتە سەر دامەزراوەکان، بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی درووست بەڕێوەنەبرێن ئەوا کۆی ئەو یەکانە دەخاتە بەر مەترسی تا ڕادەی هەڵوەشاندنەوە، بەپێچەوانەشەوە بە باشی بەڕێوەبردنیان، سەرچاوەی

پەنـد و ئەزموونێکـی گرنگـە و بـە بەردەوامـی ئەکـرێ سـوودی لـێ وەربگیرێـت و ببێتـە خاڵـی بەهێـزی دامـەزراوەکان، واتـە قەیـران لـەم سـەردەم و کۆمەڵگـەی ئەمـڕۆدا بووەتـە دیاردەیـەک و لـە هـەر سـاتەوەختێکدا ئەکـرێ رووبـەرووی دامـەزراوەکان ببێتـەوە، بۆیـە گرنگـە پێشـوەختە خۆیانـی بـۆ ئامـادە بکـەن، هـەر لـە دەرئەنجامـی ئـەو قسـە و باسـانە لـە هەمبـەر قەیرانـدا و لـە چوارچێوەیەکـی زانسـتیدا بووەیتـە هـۆی پەیدابوونـی بوارێکـی ئەکادیمیـی و زانسـتی، کـە بـە (بەڕێوەبردنـی قەیـران) نـاو ئەبرێـت. بۆیـە لێـرەدا چەمـک و پێناسـەی (بەڕێوەبدنـی قەیـران) دەخرێتـەڕوو:

بەڕێوەبردنـی قەیـران «بـە واتـای چۆنێتیـی تێپەڕاندنـی قەیـران بـە شـێوازی جۆراوجـۆری زانسـتی و کارگێڕیـی یـەت و، هەوڵدانـە بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە لایەنـە نەرێنییەکانـی و سـوودوەرگرتن لـە لایەنـە ئەرێنییەکانـی قەیرانەکـە». یـان ئـەو چالاکییانەیـە، کـە دامەزراوەکـە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە قۆناغەکانـی پێـش قەیـران، لـە کاتـی روودان و دوای روودان دا، بەجێـی ئەهێنـێ و لـە رێگەیـەوە ئامانجـی بەدەسـتهێنانی ئەمانـەی خوارەوەیـە (الخـضري، ٢٠٠٢: ٢٤٣ – ٢٤٦):

١- تا بتوانرێت رێگری لە روودانی قەیرانەکان بکرێت.

٢- رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر.

٣- لابـردن و نەهێشـتنی کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی قەیرانەکـە لەسـەر کارمەندانـی دامـەزراوە و جەمـاوەری دەرەوەی دامەزراوەکـە.

٤- لێکدانەوە و شیکردنەوەی قەیرانە، کە بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا سوودی لێ وەربگرن.

هەروەهـا بەڕێوەبردنـی قەیـران «پرۆسـە و چالاکییەکـی کارگێڕیـی ی مەبەسـتدارە، کـە لەسـەر بنەمـای پـلان و ڕاهێنـان، بـە مەبەسـتی پێشـبینیکردنی قەیرانـەکان و زانینـی (هـۆکارە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان، فاکتـەرە کاریگـەرەکان و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان) ئەنجـام دەدرێـت. کـە پێویسـتە بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرجەم ئامـراز و هۆیـەکان و پێداویسـتییە بەردەسـتەکان بخرێنـە کارەوە، بـۆ خۆپاراسـتن لـە روودانـی قەیـران و چۆنێتیـی شـێوازی رووبەڕووبونـەوەی لـە حاڵـەت و ئەگـەری روودان دا ، تاکـوو بتوانیـن ئارامـی و ئۆقرەیـی بپارێزیـن و مەترسـیی و هەڕەشـەکانیش دووربخەینـەوە، هـاوکات وەرگرتنـی پەنـد و وانـە و ئەزموونـی نـوێ لێیـان، بـە مەبەسـتی باشـترکردنی شـێوازەکانی مامەڵەکـردن لەگـەڵ قەیرانەکانـی ئاینـدەدا».( محەمـەد، ٢٠١٦: ١٣٦ )

لـە کۆتاییـدا دەگەیـن بـەوەی ، کـە بەڕێوەبردنـی قەیـران، پێویسـتی بـە سیسـتەمێکی زانیاریـی ی کاریگـەر هەیـە، کـە بتوانێـت زانیاریـی و داتـای درووسـت پێشـکەش بـە بەرپرسـانی نـاو دامەزراوکـە بـکات، هەروەهـا ورد بێـت و لـە کاتـی خۆیـدا بەشـداری بـکات لـە زانینـی لاوازییـەکان و کێشـەکان بـۆ ئـەوەی کاربکـەن لەسـەر رێگرییکـردن لـە درووسـتبوونی قەیـران یـان بەڕێوەبردنـی لـە هـەر قۆناغێکیـدا.

٢- گرنگیی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا لە قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی قەیراندا

پەیوەندییـە گشـتییەکان زانسـتێکە کـە راسـتەوخۆ پەیوەندیـی بـە هـەل و مـەرج و بارودۆخـی نائاسایی و کێشـە و قەیـران و بارودۆخـی فشـار و ناسـەقامگیریی و کارەسـات و هـۆکاری تـرەوە هەیـە. بۆیـە ئـەرک و رۆڵـی سـتراتیژیی پەیوەندییـە گشـتییەکان بەڕوونـی دەرئەکەوێـت، کـە دامـەزراوەکان و بەتایبـەت دامـەزراوە ناحوکومییـەکان رووبـەرووی قەیرانێـک ئەبنـەوە، کـە مەترسیی لەسـەر پێگەیـان و توانـای کارکـردن و کێبڕکـێ درووسـت ئـەکات، وە قەیرانیـش قۆناغـی جیـاوازی هەیـە، زۆربـەی شـارەزایان و پسـپۆڕانی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان قۆناغەکانـی قەیـران بـۆ سـێ قۆناغـی سـەرەکیی دابـەش ئەکـەن ، کـە هـەر قۆناغێکیـش تایبەتمەندیـی و سرووشـتی بەڕێوەبردنێکـی جیـاوازی هەیـە، لـە رێـی پێشـنیازی

جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانی جیاوازەوە، بۆیە شکستهێنان لە بەڕێوەبردنی هەر قۆناغێک لەم سێ قۆناغە ئەبێتە هۆی تەشەنەسەندن و ئاوسانی قەیرانەکە و دامەزراوەکە ئەکەوێت دۆخی مەترسیداری گەورە و بەرپرسیارێتی گەورەترەوە. کە ئیدی پرۆسەی بەڕێوەبردن و بڕیاردانیش سەختتر و ئاڵۆزتر ئەبن، .(Timothy, ٢٠١٢: ٨) قۆناغەکانی قەیرانیش بریتین لە:

١- پێش ڕوودانی قەیران: ئامانجی سەرەکیی لەم قۆناغەدا تێگەیشتنە لە ئەو هۆکارانەی کە ئەبن بە هۆی درووست بوون و ڕوودانی قەیرانە، کە ئەرکی بنەڕەتیی پەیوەندییە گشتییەکان بریتین لە بنیاتنان و پەرەپێدانی سیستەمێکی زانیاریی کە هەستیار بێت بەرامبەر بەو قەیرانە، کە ئیدارە بتوانێت پێشبینی قەیرانەکان بکات بە شێوەیەکی ستراتیژییانە، هەروەها قۆناغی پێش قەیران بریتییە لە درووستکرنی پلانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، هەڵبژاردن و ڕاهێنانی تیمی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و کردنی مەشقەکان بۆ ئامادەکردنی تیمێکی تۆکمە و تاقیکردنەوەی پلانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ((Barton, ٢٠٠١:٤٠

٢- لە کاتی ڕوودانی قەیراندا: لەم قۆناغەدا بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان سەرنجی لەسەر پەرەپێدانی پلانی مەترسیدار یان چارەسەری برییە (بەدیل)، کە بە پێی بارودۆخە تایبەتەکان بێت، لەم قۆناغەدا ستراتیژییەکانی بەردەست هەڵئەسەنگێنرێن، ئامانج لێی کەمکردنەوەی مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانە بە کەمترین ئاست بۆ سەر دامەزراوەیەك، لێرەدا ئەوەی ئاڵنگاریی بەردەم بەشی پەیوەندییە گشتییەکانە پابەندبوونە بە پراکتیزەکردنی کارەکە بە پێی بنەما ستراتیژییەکان. (العزازي ، ١٩٩٨: ٨٤).

٣- دوای ڕوودانی قەیران: بەکۆتاییهاتن یان چارەسەرکردنی قەیرانە، کە ئەرک، پلان و ستراتیژیەتی پەیوەندییە گشتییەکان کۆتایی نایەت، بەڵکوو ڕەنگە زیاتریش بێت لە قۆناغەکانی پێش و سەروەختی ڕوودانی قەیرانەکەدا، پەیوەندییە گشتییەکان لە قۆناغی دوای کۆتاییهاتن یان کۆتاییهێنان بە قەیرانە، کە بەڵکوو هەڵسەنگاندنێکی وردی هەمەلایەنە ئەکات، کەواتە چارەسەرکردنی قەیرانەکە مانای کۆتاییهاتنی قەیرانەکە نییە بە لای بەشی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، بەڵکوو پرسیاری گرنگیی هەیە و پێویستە وەڵام بدرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، هەموو ئەو پرۆسانەیش ئەبنە مەخزەنێکی گرنگیی زانیاریی ی و ڕێنمایی ئەکرێ وەک لایەنە ئەرێنییەکانی قەیرانەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ لە هەرکاتێکی پێویست لە ئایندەدا بگەڕێتەوە بۆی. (Dyer,١٩٩٥;١١٧)

بۆیە، پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا ڕۆڵی گرنگ ئەگێڕن لە پاڵپشتیکردنی قەوارەکەیان و پەرەپێدانی دەرفەتەکان بۆ هاوکاریی و بەردەوامییان لە پلان و ئامانجەکانیاندا. پەیوەندییە گشتییەکان لە هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەتا بتوانن ڕووبەرووی بنەوە و دامەزراوەکە و ناوبانگ و ستراتیژیەتی دامەزراوەکە بە باشیی و دوور لە هەر مەترسییەک بهێڵنەوە، بۆیە لە کوێدا قەیران دامەزراوەیەك بخاتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت ئەو کاتە پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگی ئەبێت لە بەرامبەر قەیرانەکەدا و، بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بە مەبەستی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکە. (توێژەر)

٣- دامەزراوە ناحوکومییەکان

ئەکرێ پێناسەی دامەزراوەی ناحوکومیی بەوە بکەین کە «کۆمەڵێک وزەی مرۆیی و سەرچاوەی دارایی، چ سرووشتیی بێت یان دارایی بێت یان هەر شێوەیەکی تر، کە خۆیان بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو و تایبەتەوە سەرقاڵ ئەکەن ، بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجانەی کە مەبەستیانە. یان پێویستە لە پشت دامەزراندنیانەوە ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت، کە لە هەمان کاتدا بوارێکی گەورەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتیی، هەروەها پشت بە میتۆدی زانستی ئەبەستێت لە

خوێنـدن و پلاندانـان و پەرەپێـدان و چاوپێکەوتـن و پەرەپێدانـی پـرۆژەکان و توخمـە بنەڕەتییەکانـی (خەڵـک، شـارەزایی، لێهاتوویـی و دارایـی) و نهێنیـی سـەرکەوتنەکەی لـە رووی سـەرکردایەتییەکەیەوەیە».( الحلبـي، ٢٠٠١: ١٦)

دامـەزراوەی ناحوکومیـی «پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتییـە، واتـە یەکەکانـی لـە رووی پێکهاتەیـی و کاراییـەوە بەیەکـەوە گرێـدراون، هەروەهـا کۆمەڵێـک چالاکـی ئـەکات لـە پێنـاوی پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی و گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی. هەروەهـا دامـەزراوەی ناحوکومیـی، ئـەرک و ئامانجێکـی هەیـە، بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجانـە دامـەزراون، هـەر دامەزراوەیەک بـە مەبەسـتی بەرهەمهێنانـی کاڵایـەک یـان پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەک بـۆ گەیشـتن بـە هەندێـک ئامانـج دامـەزراوە، بۆیـە هـەر دامەزراوەیـەک ئەرکـی پـێ سـپێرراوە» .(حنفـي، ٢٠٠٠: ١٥١)

فەرهەنگـی عەرەبیـی (الشـامل)، پیناسـەی ئـەکات بـەوەی، کـە بریتییـە لـە «فرەییـی دامـەزراوەکان، بـە واتـای کۆمەڵـە، پەیمانگـە، کۆمپانیـا ...هتـد، کـە بـۆ مەبەسـتێکی کۆمەڵایەتیـی، خێرخـوازی یـان ئابوریـی دامـەزراوە». (القامـوس العـربي الشـامل، ١٩٩٧: ٥١٧)

لـە روانگـەی تێڕوانینـمان بـۆ ئـەو پێناسـانەی کـە باسـکران و خرانـەڕوو ئەگەینـە ئـەوەی، کـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان لـە خـۆوە درووسـت نابـن، بەڵکـوو ئەکەونـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو ژینگەیـەی کاری تیـا ئەکـەن و دەرامەتەکانـی پـێ ئەبەخشـن و، پەیوەسـتە بـە کۆمەڵێـک خواسـت و ئامانـج، کـە کار ئەکـەن بـۆ بەدیهێنانیـان، بۆیـە دامـەزراوەی ناحوکومییـی لـە کۆمەڵـە کەسـێک پێـک یـەن، یەکێتیـی یەکبوونـی ئامانـج کۆیـان ئەکاتـەوە، کـە لەوانەیـە قازانجکاریـی بازرگانانـە بێـت، یـان نـا قازانجدارانـە بێـت، یاخـود کۆمەڵایەتیـی، سیاسـیی، یاخـود خۆبەخشـانە یـان خزمەتگوزارییانـە بێـت.

بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

لـەم بەشـەدا، توێـژەر هـەوڵ ئەیـات ئەنجامەکانـی وەڵام و تێگەیشـتنەکانی بەرتوێـژان بـۆ پرسـیارەکان و پرسـەکان بخاتـەڕوو، هەروەهـا لـە چوارچێـوەی کاری پراکتیکیـدا و بەمەبەسـتی ئامادەکردنـی فۆڕمـی راپرسـیی، بـۆ توێژینـەوە، کـە بەشـێوەی کۆتایـی و دەستنیشـانکردنی رۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بەڕێوەبردنـی قەیـران لـە دامـەزراوە ناحوکومییـەکان دا، توێـژەر پـاش ئامادەکردنـی فۆڕمـی راپرسـیی، و پـاش ئـەوەی لەلایـەن مامۆسـتای سەرپەرشـتیارەوە پەسـەند کـرا، توێـژەر فۆڕمـی راپرسـییەکەی پێشـکەش بـە چەنـد پسـپۆڕێکی شـارەزای بـواری راگەیانـدن و پەیوەندییـە گشـتییەکان و ئامـار کـرد[1]، بـۆ پێداچوونـەوەی پرسـیارەکان بەمەبەسـتی دەرهێنانـی راسـتیی لـە رێگـەی راسـتیی رواڵەتیـی (صـدق الظاهـري)، بـۆ هەڵسـەنگاندن، پێدانـی سـەرنجی پێویسـت، چاککـردن، لابـردن و دانانـی هەندێـک برگـە و پرسـیار.

توێـژەر سـەرجەم تێبینـی و هەڵسـەنگاندنەکانی بەبایەخـەوە خوێندنـەوە و جێبەجێـی کـردن. دواتـر لەژێـر ڕۆشـنایی رای پسـپۆڕان، دارشـتنەوەی کۆتایـی بـۆ فۆڕمەکـە کـرد، پاشـان رێـژەی سـەدیی ی بـۆ دەرهێنـان، کـۆی رێژەی سـەدیی سـەرنجی هەمـوو پسـپۆڕەکانیش بـە پێـی هاوکێشـەی هۆلسـتی کردیـە ٨٦٪، کەواتـە توانـرا پەسـەند بکرێـت.

تەوەری یەکەم/ خستنەرووی زانیاریی یە تایبەتەکان

١- رەگەزی بەرتوێژان:

---

١ هەڵسەنگێنەران

١- پ.ی.د. بەهادین ئەحمەد محەمەد — ڕاگەیاندن / پەیوەندییە گشتییەکان / زانکۆی پۆڵەتەکنیکی سلێمانی
٢- پ.ی.د. هۆشیار مزەفەر عەلی — ڕاگەیاندن / پەیوەندییە گشتییەکان / زانکۆی سەلاحەدین
٣- پ.ی.د. کاروان عەلی قادر — ڕاگەیاندن / میدیای نوێ و سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنی سلێمانی
٤- پ.ی.د. ئەحمەد حەمەغەریب — ڕاگەیاندن / سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان / زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی
٥- د. سامان حەسەن عبدالله — ئامار و زانیاری - زانکۆی سلێمانی

ئەندامانـی سـامپڵی توێژینەوەکـە (٢٥) ئەندامیـان لـە ڕەگـەزی  مێـن، (١٥) ئەندامیشـیان لـە ڕەگـەزی  نێـرن، بەمـەش ڕەگـەزی  مـێ ڕێـژەی  (٦٢.٥٪) و ڕەگـەزی  نێـر ڕێـژەی  (٣٧.٥٪)ـی سـامپڵی وەرگیـراو پێکدەهێنـن.

لێرەدا دەرئەکەوێت کە لە پەیمانگەی هەولێری ناحوکومیی زۆرترین ڕێژەی  ڕەگەز لە ڕەگەزی مێ پێک دێت، کە ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە، کە دەرفەت دراوە بە ئافرەتان و ڕەگەزی  مێ بۆ کارکردن لە دامەزراوەکەدا و پشتبەست بە توانا و کەسایەتیی خۆیان، یاخود هۆکاری ئەم ڕێژەی ە ئەگەڕێتەوە  بۆ ئەوەی، کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی  مێ ساڵانە لە زانکۆکان خوێندن تەواو ئەکەن  بەراورد بە ڕەگەزی  مێ. بڕوانە خشتەی (١)

| خشتەی (١) دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | چەندبارە | ڕێژەی  سەدیی | پلە |
| نێر | ١٥ | ٪٣٧.٥ | دووەم |
| مێ | ٢٥ | ٪٦٢.٥ | یەکەم |
| کۆی گشتیی | ٤٠ | ٪١٠٠ | |

٢- تەمەنی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو بەرتوێژانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠ - ٢٩) ساڵییدایە بە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکە هاتوون بە ڕێژەی  (٤٥٪)، ئەوانەیشی تەمەنیان لە نێوان (٣٠ - ٣٩) ساڵییدان بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (٤٠٪)، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٤٠ - ٤٩) ساڵییدان لە پلەی سێیەمدان بە ڕێژەی  (١٢.٥٪)، ئەوانەیشی تەمەنیان لە (٥٠ ساڵ زیاترن)، لە پلەی چوارەمدایە و بە ڕێژەی  (٢.٥٪).

ئەم خشتە و ئەنجامە دەریدەخات، کە لە دامەزراوەکەدا، بە ڕێژەیەکی زۆر دەرفەت بە گەنجانی تەمەن (٢٠ بۆ ٢٩ساڵ) ڕەخسێندراوە، ئەمەیش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە دامەزراوەکە پێویستی بە کەسانی گەنج و چالاک و پڕ وزە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی کاروباری دامەزراوەکەیان بەباشی ڕاپەڕێنن و بتوانن دامەزراوەکەیان لە ئامانجەکانیان نزیک بکەنەوە. بڕوانە خشتەی (٢)

| **خشتەی (٢) دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی تەمەن** | | | |
|---|---|---|---|
| **تەمەن** | **چەندبارە** | **ڕێژەی  سەدیی** | **پلە** |
| ٢٠ – ٢٩ | ١٨ | ٪٤٥ | یەکەم |
| ٣٠ – ٣٩ | ١٦ | ٪٤٠ | دووەم |
| ٤٠ – ٤٩ | ٥ | ٪١٢.٥ | سێیەم |
| ٥٠ – زیاتر | ١ | ٪٢.٥ | چوارەم |
| **کۆی گشتیی** | ٤٠ | ٪١٠٠ | |

تەوەری دووەم/ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە قۆناغەکانی قەیراندا لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا

یەکەم/ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێش ڕوودانی قەیراندا

خشتەی(٣)

| | برگەکان | گۆڕاو | چەندبارە | ڕێژەی سەدیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کردنی توێژینەوە و ڕاپرسیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکە پێش ڕوودانی | هاوڕام | ٣٢ | ٪٨٠ | یەکەم |
| | | نازانم | ٢ | ٪٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٦ | ٪١٥ | دووەم |
| ٢ | ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوەکە لە ئەگەری ڕوودانی قەیران | هاوڕام | ٣٢ | ٪٨٠ | یەکەم |
| | | نازانم | ٣ | ٪٧.٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٥ | ٪١٢.٥ | دووەم |
| ٣ | دانانی بەرنامە و پلانی ستراتیژیی بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی قەیران و ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی و ڕووبەڕووبونەوەی | هاوڕام | ٣٠ | ٪٧٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٣ | ٪٧.٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | دووەم |
| ٤ | دروستکرنی هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن و پەیوەندی باش لە نێوان کارگێڕیی دامەزراوەکە و کارمەندانداندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی | هاوڕام | ٢٩ | ٪٧٢.٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٥ | ٪١٢.٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٦ | ٪١٥ | دووەم |
| ٥ | تەرخانکردنی توانای ماددی (بوودجەی پێویست) و دروستکردنی ژووری ئۆپەراسیۆن و ڕاهێنانی تیمی تایبەت بۆ ڕێگرتن لەڕوودانی قەیرانەکان | هاوڕام | ٢٢ | ٪٥٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ١٢ | ٪٣٠ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٦ | ٪١٥ | سێیەم |

١- کردنی توێژینەوە و ڕاپرسیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنێتیی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکە پێش ڕوودانی

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٪٨٠) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا توانیوێتی کار لەسەر ئەو ڕۆڵەی بکات، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٪١٥) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو ڕۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (٪٥) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، هەستن بە کردنی توێژینەوە و ڕاپرسیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە کارمەندانی دامەزراوە، کە بۆیە بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٢- ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی ی دامەزراوەکە و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوەکە لە ئەگەری ڕوودانی قەیران

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٨٠٪) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا توانیوێتی کار لەسەر ئەو ڕۆڵەی بکات، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (١٢.٥٪) هاوڕانەبوون، هەروەها لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (٧.٥٪) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، هەستن بە ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوە، کە بۆیە بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٣- دانانی بەرنامە و پلانی ستراتیژی بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی قەیران و ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی و ڕووبەڕووبونەوەی

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٧٥٪) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا توانیوێتی کار لەسەر دانانی بەرنامە و پلانی ستراتیژی بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی قەیران بکات، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (١٧.٥٪) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو ڕۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (٧.٥٪) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، هەستن بە دانانی بەرنامە و پلانی ستراتیژی بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی قەیران، بۆیە بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٤- درووستکرنی هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن و پەیوەندیی باش لە نێوان کارگێڕیی ی دامەزراوەکە و کارمەنداندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ان

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٧٢.٥٪) بەرتوێژان هاوڕابوون، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (١٥٪) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو ڕۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (١٢.٥٪) بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٥- تەرخانکردنی توانای ماددی (بوودجەی پێویست) و درووستکرنی ژووری ئۆپەراسیۆن و ڕاهێنانی تیمی تایبەت بۆ ڕێگرتن لەڕوودانی قەیرانەکان

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٥٥٪) بەرتوێژان هاوڕابوون، لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (١٥٪) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو ڕۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٣٠٪) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەو ڕۆڵە بەباشی جێبەجێ بکات بۆیە بژاردەی (نازانم) یان هەڵبژاردووە.

لە خشتەی ژمارە (٣)دا کە تایبەتە بە بڕگەکانی پەیوەندیدار بە تەوەری (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێش ڕوودانی قەیراندا)، دەرئەکەوێت، بڕگەی یەکەم (کردنی توێژینەوە و ڕاپرسیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنێتیی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکە پێش ڕوودانی) و بڕگەی دووەم (ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی ی دامەزراوەکە و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوەکە لە ئەگەری ڕوودانی قەیران)، زۆرترین ڕێژەیان وەرگرتووە، کە بریتییە لە (٨٠٪). ئەمەیش ئەوە پیشان ئەیات، کە لە ڕوانگەی بەرتوێژانەوە، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا، بەم دوو ڕۆڵە زۆر هەڵدەستن، بە کردنی توێژنەوە و ئاگەدارکردنەوەی کارگێڕیی و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوە، کە ئەم دوو ڕۆڵەیش بۆ خۆی گرنگیی و بەهای خۆی هەیە، چونکە وا ئەکات، ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی دامەزراوەکە بۆ کارمەندان پیشانبات، بۆ بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکە و گرنگییدان بە ڕا و بۆچوونی کارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران، کە هاندەرە بۆ ئەوەی کارمەندان دڵسۆزانەتر کار بکەن و دامەزراوەکە بە هی خۆیان بزانن.

دووەم/ ڕۆڵی پەیوەندیە گشتییەکان لە کاتی ڕوودانی قەیراندا

خشتەی (٤)

| | برگەکان | گۆڕاو | چەندبارە | ڕێژەی سەدیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و کارمەندان لە کاتی ڕوودانی قەیراندا | هاوڕام | ٣٠ | ٪٧٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٥ | ٪١٢.٥ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٥ | ٪١٢.٥ | |
| ٢ | کردنی کۆبوونەوە و ڕاوێژکردن بە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە و دانانی ڕێگەچارە و جێگرەوەکان (ئەلتەرناتیڤ-بەدیل) بۆ چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و زوو کۆنترۆڵکردنیان | هاوڕام | ٢٨ | ٪٧٠ | یەکەم |
| | | نازانم | ٥ | ٪١٢.٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | دووەم |
| ٣ | دیاریکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە لە کاتی ڕوودانی قەیراندا | هاوڕام | ٢٦ | ٪٦٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ١١ | ٪٢٧.٥ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٣ | ٪٧.٥ | سێیەم |
| ٤ | پێکهێنانی تیم بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودانی قەیران و شیکردنەوەی زانیارییەکان و پێشکەش کردنی بیرۆکەی داهێنەرانە بۆ کارگێڕیی باڵای دامەزراوەکە | هاوڕام | ٢٥ | ٪٦٢.٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٨ | ٪٢٠ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | سێیەم |

١- ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی ی دامەزراوەکە و کارمەندان لە کاتی ڕوودانی قەیراندا

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٪٧٥) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندیە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا توانیوێتی هەستێت بە کردنی ئەو ڕۆڵە، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٪١٢.٥) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو ڕۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها هەر لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٪١٢.٥) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، هەستن بە جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵە، بۆیە بژاردەی سێیەمیان هەڵبژاردووە کە (نازانم)ـە.

٢- کردنـی کۆبوونـەوە و ڕاوێژکـردن بـە کارمەندانـی دامەزراوەکـە بـۆ چۆنێتیـی بەڕێوەبردنـی قەیرانەکـە و دانانـی ڕێگەچـارە و جێگـرەوەکان (ئەلتەرناتیـڤ - بەدیـل) بـۆ چۆنێتیـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ان و زوو کۆنترۆڵکردنیـان

لـە پلـەی یەکەمـدا و بـە ڕێـژەی (٧٠٪) بەرتوێـژان هاوڕابـوون کـە بەڵێ بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامەزراوەکـەدا توانیوێتـی کار بـکات بـۆ کردنـی ئـەو ڕۆڵـە، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی (١٧.٥٪) هاوڕانەبـوون لەبـارەی ئـەو ڕۆڵـەی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی دامـەزراوە، کـە هەروەهـا لـە پلـەی سـێیەمدا و بـە ڕێـژەی (١٢.٥٪) گومانیـان هەبـووە لـەوەی کـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان، ئـەو ڕۆڵـە بەباشـی جێبەجـێ بکـەن بۆیـە بـژاردەی (نازانم)یـان هەڵبـژاردووە.

٣- دیاریکردنـی ئامرازەکانـی پەیوەنـدی و گەیانـدن بـۆ ئاگادارکردنـەوەی جەمـاوەری نـاوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکـە لـە کاتـی ڕوودانـی قەیرانـدا

لـە پلـەی یەکەمـدا و بـە ڕێـژەی (٦٥٪) بەرتوێـژان هاوڕابـوون، کـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامەزراوەکـەدا توانیوێتـی کار لەسـەر دیاریکردنـی ئامرازەکانـی پەیوەنـدی و گەیانـدن بـۆ ئاگادارکردنـەوەی جەمـاوەری نـاوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکـە لـە کاتـی ڕوودانـی قەیرانـدا بـکات، لـە پلـەی سـێیەمدا و بـە ڕێـژەی (٧.٥٪) هاوڕانەبـوون لەبـارەی ئـەو ڕۆڵـەی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی دامـەزراوە، کـە هەروەهـا لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی (٢٧.٥٪) گومانیـان هەبـووە لـەوەی کـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان، هەسـتن بـە جێبەجێکردنـی ئـەو ڕۆڵـە بۆیـە بـژاردەی (نازانم)یـان هەڵبـژاردووە.

٤- پێکهێنانـی تیـم بـۆ تێگەیشـتن لـە هۆکارەکانـی ڕوودانـی قەیـران و شـیکردنەوەی زانیاریـی یـەکان و پێشکەشـکردنی بیرۆکـەی داهێنەرانـە بـۆ کارگێڕیـی ی بـاڵای دامەزراوەکـە

لـە پلـەی یەکەمـدا و بـە ڕێـژەی (٦٢.٥٪) بەرتوێـژان هاوڕابـوون کـە بەڵێ بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامەزراوەکـەدا توانیوێتـی کار بـکات لەسـەر ئـەو ڕۆڵـە، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی (٢٠٪) گومانیـان هەبـووە لـەوەی کـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان، ئـەو ڕۆڵـە بەباشـی جێبەجـێ بکـەن بۆیـە بـژاردەی (نازانم)یـان هەڵبـژاردووە. هەروەهـا لـە پلـەی سـێیەمدا و بـە ڕێـژەی (١٧.٥٪) هاوڕانەبـوون لەبـارەی ئـەو ڕۆڵـەی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی دامەزراوەکـە.

لـە خشـتەی ژمـارە (٤)دا کـە تایبەتـە بـە بڕگەکانـی پەیوەندیـدار بـە تـەوەری (ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە کاتـی ڕوودانـی قەیرانـدا)، دەرئەکەوێـت، لەسـەر بنەمـای وەڵام و ئـەو ئەنجامانـەی کـە لـە ڕێگـەی وەڵامـی بەرتوێژانـەوە توێـژەر پێـی گەیشـتووە، بەڵێ بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە دامەزراوەکـەدا توانیوێتـی ئـەو ڕۆڵـە بگێڕێـت، بـۆ بەڕێوەبردنـی قەیـران لەسـەروختی ڕودانیـدا، هەروەهـا بەرزتریـن ڕێـژەی بڕگەکانـی تـەوەری (ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە کاتـی ڕوودانـی قەیرانـدا) بریتییـە لـە (ئاگادارکردنـەوەی کارگێڕیـی ی دامەزراوەکـە و کارمەنـدان لـە کاتـی ڕوودانـی قەیرانـدا)، کـە ڕێـژەی (٧٥٪)، وەرگرتـووە، بـەڵام ئـەم ڕێـژەی ە کەمـترە بـەراورد بـە بڕگـەی ئاگەدارکردنـەوەی کارگێڕیـی ی و سـەرجەم کارمەندانـی دامەزراوەکـە لـە پێـش ڕوودانـی قەیرانـدا، ئەمەیـش ئـەوە دەردەخـات، کـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە پێـش ڕوودانـی قەیرانـدا بەرێژەیەکـی زیاتـر (٨٠٪) کارمەندانـی دامەزراوەکـە ئاگـەدار ئەکاتـەوە لـە ئەگـەری ڕوودانـی قەیـران هەتـا لـە سـەروەختی ڕوودان دا .

سێیەم/ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەدوای ڕوودانی قەیراندا

خشتەی (٥)

| | برگەکان | گۆڕاو | چەندبارە | ڕێژەی سەدیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دووبارە ڕێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆیی دامەزراوەکە و کردنی توێژینەوە لەسەر ڕای گشتیی لە ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوەکەدا | هاوڕام | ٢٧ | ٪٦٧.٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٦ | ٪١٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | دووەم |
| ٢ | کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریانەی کە قەیرانەکە لەسەر بارودۆخ و دەروونی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکەی درووست کردووە | هاوڕام | ٢٦ | ٪٦٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٧ | ٪١٧.٥ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | |
| ٣ | کارکردن و هەوڵدان بۆ دانانی بەرنامە و پلانێک بۆ درووستکردنەوەی ناوبانگ و وێنەی دامەزراوەکە بە شێوەیەکی جوان و درووست | هاوڕام | ٢٥ | ٪٦٢.٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٨ | ٪٢٠ | دووەم |
| | | هاوڕانیم | ٧ | ٪١٧.٥ | سێیەم |
| ٤ | هەڵسەنگاندنی ورد و تەواو بۆ ئەو پلانانەی بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە گیراونەتەبەر و ئاستی کاریگەریەکەی بە وەرگرتنی ڕا و سەرنجی کارمەندان | هاوڕام | ٢٥ | ٪٦٢.٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٦ | ٪١٥ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٩ | ٪٢٢.٥ | دووەم |
| ٥ | هەوڵدان بۆ ڕێگرییکردن لە درووستبوونەوەی قەیران یان قەیرانی هاوشێوە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی باڵا و کارمەندانی دامەزراوەکە | هاوڕام | ٣٠ | ٪٧٥ | یەکەم |
| | | نازانم | ٤ | ٪١٠ | سێیەم |
| | | هاوڕانیم | ٦ | ٪١٥ | دووەم |

١- دووبارە ڕێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆیی دامەزراوەکە و کردنی توێژینەوە لەسەر ڕای گشتیی لە ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوەکەدا

لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٪٦٧.٥) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا

توانیوێتی کار لەسەر ئەو رۆڵەی بکات، لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (٪١٧.٥) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو رۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها لە پلەی سێیەمدا و بە رێژەی (٪١٥) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بەو رۆڵە هەستن، یان زانیاریی ی پێویستیان نەبووە، بۆیە بژاردەی (نازانم) یان هەڵبژاردووە.

٢- کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی کە قەیرانەکە لەسەر بارودۆخ و دەروونی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکەی درووست کردووە

لە پلەی یەکەمدا و بە رێژەی (٪٦٥) بەرتوێژان هاوڕابوون کە بەڵێ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا توانیوێتی کارلەسەر ئەو رۆڵە بکات، لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (٪١٧.٥) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو رۆڵەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە، کە هەروەها هەر لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (٪١٧.٥) گومانیان هەبووە لەوەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەو رۆڵە بەباشی جێبەجێ بکەن یان زانیاریی ی پێویستیان نەبووە بۆیە بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٣- کارکردن و هەوڵدان بۆ دانانی بەرنامە و پلانێک بۆ درووستکردنەوەی ناوبانگ و وێنەی دامەزراوەکە بە شێوەیەکی جوان و درووست

لە پلەی یەکەمدا و بە رێژەی (٪٦٢.٥) بەرتوێژان هاوڕان کە بەڵێ پەیوەندییە گشتییەکان ئەم رۆڵەی گێڕاوە، لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (٪٢٠)، بژاردەی (نازام)یان هەڵبژاردووە، لە پلەی سێیەمدا و بە رێژەی (٪١٧.٥) لەبارەی کارکردن و هەوڵدانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دانانی بەرنامە و پلانێک بۆ درووستکردنەوەی ناوبانگ و وێنەی دامەزراوەکە بە شێوەیەکی جوان و درووست هاوڕانین.

٤- هەڵسەنگاندنی ورد و تەواو بۆ ئەو پلانانەی بۆ چارەسەرکردن و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە گیراونەتەبەر و ئاستی کاریگەرییەکەی بە وەرگرتنی ڕا و سەرنجی کارمەندان

لە پلەی یەکەمدا و بە رێژەی (٪٦٢.٥) بەرتوێژان هاوڕان کە بەڵێ پەیوەندییە گشتییەکان ئەم رۆڵەی گێڕاوە، لە پلەی دووەمدا بە رێژەی (٪٢٢.٥) هاوڕانین، لە پلەی سێیەمدا و بە رێژەی (٪١٥)، بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

٥- هەوڵدان بۆ رێگرییکردن لە درووستبوونەوەی قەیران یان قەیرانی هاوشێوە بە گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی ی باڵا و کارمەندانی دامەزراوەکە

لە پلەی یەکەمدا و بە رێژەی (٪٧٥) بەرتوێژان هاوڕابوون، کە بەڵێ هەوڵی راستیینە (جدیی) هەیە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکان بۆ رێگرییکردن لە دووبارە درووستبوونەوەی هەر قەیرانێک لە دامەزراوەکەدا، لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (٪١٥) هاوڕانەبوون لەبارەی ئەو رۆڵەی بەشی پەیوەندییە، هەروەها لە پلەی سێیەمدا و بە رێژەی (٪١٠) بژاردەی (نازانم)یان هەڵبژاردووە.

لە خشتەی ژمارە (٥)دا کە تایبەتە بە برگەکانی پەیوەندییدار بە تەوەری (رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دوای روودانی قەیراندا)، دەرئەکەوێت، برگەی پێنجەم (هەوڵدان بۆ رێگرییکردن لە درووستبوونەوەی قەیران یان قەیرانی هاوشێوە بە گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی باڵا و کارمەندانی دامەزراوەکە) و برگەی یەکەم (دووبارە رێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆیی دامەزراوەکە و کردنی توێژینەوە لەسەر رای گشتیی لە ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوەکەدا)، زۆرترین رێژەیان وەرگرتووە، کە بریتییە لە (٪٧٥) و (٪٦٧). ئەمەیش ئەوە پیشان ئەیات، کە لە روانگەی بەرتوێژانەوە، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا، بەم دوو رۆڵە زۆر هەڵدەستن، بە

هەوڵدان بۆ ڕێگرییکردن لە دووستبوونەوەی قەیران و دووبارە ڕێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆیی دامەزراوەکە و کردنی توێژینەوە لەسەر رای گشتیی، ئەم دوو رۆڵەیش بۆ خۆی گرنگیی و بەهای خۆی هەیە، چونکە نیشاندەری ئەوەیە، کە دامەزراوەکە بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە ئەیات و، راوبۆچوونی ئەوانی پێ گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی قەیران و بەرەوپێشچوونی دامەزراوە، کە هەروەها یارمەتی دەری کارگێڕیی و بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ئەبن بۆ ئەوەی بە خێرایی و بە کەمترین زیان لەو قەیرانە رزگاریان ببێت و بەڕێوەی ببەن.

ئەنجام

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:

١- لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە پەیوەندییە گشتییەکان لە پێش روودانی قەیراندا بەرێژەی (٨٠٪) گرنگییان بە کردنی توێژینەوە و راپرسیی، بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکە پێش روودانی و، ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و سەرجەم کارمەندانی دامەزراوەکە، لە ئەگەری روودانی قەیران داوە. ئەمەیش ئەوە پیشان ئەیات، کە کردن و بایەخدان بەم دوو رۆڵە، گرنگیی و بەهای خۆی هەیە، چونکە وا ئەکات، راستگۆیی و دڵسۆزیی دامەزراوەکە بۆ کارمەندان پیشان بات، بۆ بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکە و گرنگییدان بە را و بۆچوونی کارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران، کە هاندەرە بۆ ئەوەی کارمەندان دڵسۆزانەتر کار بکەن و دامەزراوەکە بە هی خۆیان بزانن.

٢- توێژینەوەکە دەریخستووە لە کاتی روودانی قەیراندا، پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر بایەخی داوە بە ئاگادارکردنەوەی کارگێڕیی دامەزراوەکە و کارمەندانی بەرێژەی (٧٥٪) و، کردنی کۆبوونەوە و راوێژکردن بە کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە بەرێژەی (٧٠٪)، هەروەها دیاریکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە.

٣- لە دوای قەیرانیشدا، پەیوەندییە گشتییەکان بەرێژەیەکی بەرز (٧٥٪) بایەخیان داوە بە هەوڵدان بۆ ڕێگرییکردن لە دووستبوونەوەی قەیران، یان قەیرانی هاوشێوە؛ بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی باڵا و کارمەندانی دامەزراوەکە. هەروەها ڕوونکردنەوە لە بارەی ئەو قەیرانەی کە رووی داوە و تووشی دامەزراوەکە بووبوو و، دڵنیاییدان بە رای گشتیی وجەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە و دڵنیاکردنەوەی سەرجەم کارمەندان لە چارەسەرکردنی قەیرانەکە.

٤- لە ئەنجامی ئەو راپرسییەی کە کراوە، ئەوە روون ئەبێتەوە. کە بەڕێوەبردنی قەیران لە (پەیمانگەی هەولێری ناحوکومیی) لە قۆناغی پێش روودان دا و لە دوای روودان دا ، توانراوە بەشێوەیەکی زۆر باش و بە ئاستێکی زۆر بەرز لەلایەن دامەزراوەکە و بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوەکەوە بەڕێوەببرێت، واتە لە قۆناغی کاتی روودانی قەیراندا، هێواشتر و لاوازتر بەراورد بەو دوو قۆناغەی تر ئەتوانرێت قەیرانەکە بەڕێوەببرێت.

**راسپاردە:**

١- پێویستە دامەزراوە ناحوکومییەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیران و باشتر جێبەجێکردنی ستراتیژ و بەرنامەکانیان، گرنگیی زیاتر بە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بدەن.

٢- دامەزراوە ناحوکومییەکان کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکاندا دامەزرێنن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی باش راپەڕێنن و، بتوانن ببن بە هۆکارێک بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لە هەر سێ

قۆناغەکەیدا، هەروەها سەرخستنی دامەزراوەکان و گەیاندنیان بەو ئامانجانەی کە مەبەستیانە.

٣- لە دامەزراوە ناحوکومییەکان دا، بوودجە و توانا ماددیی و مەعنەوییەکان و کردنەوەی خول و راهێنان بۆ کارمەندانی بواری پەیوەندییە گشتییەکانی ناو دامەزراوەکە فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی باشتر هەستن بە کردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی قەیران و ناسینی سرووشت و هۆکارەکانی روودانی قەیران.

**پێشنیازەکان:**

١- توێژەرانی تر بە رێگە و رێبازی تر، کە بەدواداچوون و توێژینەوەی زانستیی دەربارەی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی قەیران لە دامەزراوەکاندا بە گشتیی و دامەزراوە ناحوکومییەکان بە تایبەتیی بکەن، چونکە توێژینەوە لەم بوارەدا بە زمانی کوردیی زۆر کەمە.

٢- توێژەران، بە توێژینەوەی زانستیی هاوکار بن، بۆ زیاتر روونکردنەوە و خستنەرووی زانیاریی و چارەسەری گونجاو و گرنگ، بۆ بواری بەڕێوەبردنی قەیران، تا کتێبخانەی ناوەندە ئەکادیمییەکان دەوڵەمەندتر بێت و، دامەزراوەکان ئاسانتر چارەسەر بۆ کێشە و قەیرانی درووستبوو بدۆزنەوە و بەڕێوەی ببەن.

## ملخص البحث

هذا البحث من النوع الوصفي المسحي، استخدم الباحث المنهج المسحي للحصول على بيانات ومعلومات تفصيلية حول موضوع البحث، وكان ثلاثة وعشرون (٢٣) من عينة الدراسة معلمين وسبعة عشر (١٧) موظفا. المشكلة الرئيسية للدراسة هي الدور غير الواضح للعلاقات العامة في إدارة الأزمات في جميع المراحل الثلاث (قبل وأثناء وبعد) في المنظمات غير الحكومية، مع دراسة حالة منظمة أربيل غير الحكومية. الهدف الرئيسي للدراسة هو التعرف على دور وأهم أنشطة العلاقات العامة في كل مرحلة من مراحل إدارة الأزمات في المنظمات غير الحكومية والتعرف على مشكلات العلاقات العامة في إدارة الأزمات.

وأظهرت النتائج أن ٨٠٪ من أفراد العينة اهتموا بإجراء البحوث والمسوحات قبل الأزمة، في حين أن ٧٥٪ من أفراد العينة اهتموا أكثر بتوعية الإدارة والموظفين أثناء الأزمة. في فترة ما بعد الأزمة، كانت العلاقات العامة ذات قيمة عالية (٧٥٪) في محاولة منع حدوث أزمة مرة أخرى. تظهر نتائج الاستطلاع أن إدارة الأزمات في معهد أربيل غير الحكومي في مرحلتي ما قبل وما بعد الحادث قد تمت إدارتها بشكل جيد للغاية وعلى مستوى عالٍ جدًا من قبل المؤسسة وقسم العلاقات العامة في المؤسسة عند حدوث أزمة ، يمكن إدارتها بشكل أبطأ وأضعف مما كانت عليه في المرحلتين الأخريين.

## Summary

This research is of descriptive-survey type. The researcher used survey method in order to obtain detailed data and information about the research topic. Twenty-three (23) of the study sample were teachers and seventeen (17) were employees. The main problem of the study is the unclear role of public relations in crisis management in all three stages (before, during and after) in NGOs, with Erbil NGO as the case study. The

main objective of the study is to identify the role and most important activities of public relations at each stage of crisis management in NGOs and to identify the problems of public relations in crisis management. The results showed that 80% of the respondents paid attention to conducting research and surveys before the crisis, while 75% of the respondents paid more attention to informing the administration and employees during the crisis. In the post-crisis period, public relations was highly valued (75%) in trying to prevent a crisis from occurring again. The results of the survey show that crisis management in Erbil Non-Governmental Institute in the pre- and post-incident phases has been managed very well and at a very high level by the institution and the public relations department of the institution When a crisis occurs, it can be managed more slowly and weakly than in the other two stages.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کتێبە کوردییەکان

١- محەمەد، بەهادین ئەحمەد: ڕیکلام و پەیوەندی گشتیی و بازاڕکردن، سلێمانی ، ٢٠١٣.

٢- محمەد ، بەهادین ئەحمەد: پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی قەیران، هەولێر، چ١، ٢٠١٦.

٣- محەمەد ، بەهادین ئەحمەد ، وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید، پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، چ١، ٢٠١٩.

٤- عەلی، هۆشیار مزەفەر: پەیوەنییە گشتییەکان (دەروازەیەک)، وەرگێڕانی محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، ٢٠١١.

دووەم: کتێبە عەرەبیی ەکان

١- العـزازي، محمـد، أبـو إدريـس، أحمـد، «العلاقـات العامـة المعاصـرة وفعاليــة الإدارة»، جامعـة الزقازيـق، الطبعـة الأولى، ١٩٩٨م .

٢- جـرادات ،عبدالنـاصر أحمـد و الشـامي ، لبنـان هاتـف اسـس العلاقـات العامـة بـين النظريـة و التطبيـق, عـمان دار اليـازوري العلميـة للنشر والتوزيـع, ٢٠٠٩.

٣- الحلبـي ، عـلي عبدالـرزاق, علـم الاجتـماع تنظيـم مدخـل للـتراث و المشـكلات و الموضـوع و المنهـج, دار المعرفـة الجامعيـة للطبـع و النـشر و التوزيـع, ٢٠٠١.

٤- الخـضري ، محسـن احمـد ، ادارة الازمـات- علـم امتـلاك كامـل القـوة في اشـد لحظـات الضعـف- مجموعـة النيـل العربيـة للنـشر والتوزيـع، القاهـرة. ط ٢ ، ٢٠٠٢.

٥- القاموس العربي الشامل, الأداء.. دار الراتب الجامعية, ط ١, بيروت, ١٩٩٧.

٦- حنفـي ، عبـد الغفـار و رسـمية قرياقـص, أساسـيات الادارة و البيئـة الأعـمال, مؤسسـة شـباب الجامعـة, الاسـكندرية, مـصر, ٢٠٠٠.

٧- عجوة ، علي ، العلاقات العامة في المنشآت المالية ١، دار النشر عالم الكتب، الطبعة الثالثة، القاهرة، مصر، ١٩٩٥ .

٨- العيورى ، على عيودى نعمه: اداره السراتيجه العلاقات العامه، للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

سێیەم: تێزی توێژینەوە زانستییەکان

ا/ کوردییەکان

محەمـەد ، دانـا سـاڵح: رۆڵـی پەیوەندیگشـتیی لـە بەڕێوەبردنـی تەنگـژە سیاسـییەکاندا – توێژینەوەیەکـی مەیدانییـە، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، بەشـی راگەیانـدن – پەیوەندییـە گشـتییەکان، کۆلێجـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سـلێمانی، هەرێمـی کوردسـتان/عێراق، ٢٠١٨.

ب/ عەرەبیی ەکان

الختلان ، سلطان بن سعد محمد (جهود ادارة العلاقات العامة في مواجهة الأزمات – دراسة ميدانية)، ٢٠١٨.

**ت/ ئینگلیزییەکان**

Okoi, Sylvia Jacob and Dr Patrick Ene Okon: PUBLIC RELATIONS PRACTICE IN CRISIS MANAGEMENT: A CASE STUDY OF CROSS RIVER UNIVERSITY OF TECHNOLOGY (CRUTECH), CALABAR, Uniuyo ٢٠١٨ November ,١.No ,٢.Journal of Communication Studies, Vol

**چوارەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

١-. Barton, L .(٢٠٠١). Crisis in organisation .١١ South-Western College Publisher

٢- Baskin, O., Aronoff, C. &Lattimore, D .(١٩٩٧) Public relations: The profession and the practice.(٤th edition). Boston: McGraw Hill

٣- Dyer, s :getting, people-into the crisis communication plan, pulic relation quarterly, n ٤٠° .London, ١٩٩٥.

٤- W. Timothy Coombs and Sherry J. Holladay: The Handbook of Crisis Communication, The First Edition, Black Well Publishing, Chichester – UK, ٢٠١٢